دوو شت هەیە نیشانەی کوفرن: تانەدان لە ڕەچەڵەک، هاوار وشیوەن کردن لەسەر مردوو

لە ئەبی هوڕەیڕەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «دوو شت هەیە نیشانەی کوفرن: تانەدان لە ڕەچەڵەک، هاوار وشیوەن کردن لەسەر مردوو».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێمان ڕادەگەیەنێت کە دوو سیفەت لە نێو خەڵکیدا هەن؛ لە کردەوەی کافرەکان، ولە ڕەوشتەکانی جاهیلیەت ونەفامین، ئەوانیش بریتین لە: یەکەم: تانەدان لە ڕەچەڵەکی خەڵکی و بەکەم دانانیان و خۆبەگەورەزانین بەسەریاندا. دووەم: بەرزکردنەوەی دەنگ لەکاتی کارەسات؛ وەکو توڕەیی دەربڕینێك بەرامبەر قەدەر، یان دڕینی جلوبەرگ بەهۆی زۆر ناڕازیبوونەوە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/6361